ئێرانی سەرجەم گەلانی ئێرانە. بەسەرکوت وپێشێل کردنی مافی نەتەوایەتی گەلانی ئێران دەبێ کۆتایی بێت. لە یاسای بنەڕەتی داهاتووی ئێران پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، بەڕوونی وبە بێ هیچ چەشنە شەرت و ئەگەر وئەمایەک، مافی گەلانی ئێران دەبێ بەڕەسمییەت بناسرێت، هەر بۆیە هیچ دەرجە لە پڕوپاگەندەی تەجزییە تەڵەبی لەمەوبوا گەلانی ئێران فریو نادات. ئێرانی داهاتوو تەنیاوتەنیا کاتێک دەتوانێت وەک خۆی بمێنێتەوە کە لەسەر داخوازی و داواکاریی خوازیارانەی سەرجەم گەلانی ئێران لە سیستمێکی فێدرالی ودێمۆکراتیک بتوانن بەڕۆحێکی برایانەو بە شێوەیەکی بەرابەر لە داهات و سەروەت وسامانی ئەم کۆمەڵگا بەهرەمەند بن.

ئەمڕۆ کە لێرە کۆبووینەتەوە تا ڕێز لە ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە بگرین، کۆمەڵگای کوردستان ئاڵ وگۆڕی گەورەی بەسەردا هاتوو، بە بەرچاو بوون وبەهێز بوونی جێگەی ژن لەم کۆمەڵگایە، چوونەسەرەوەی ڕادەی خوێندەواری لەکوردستان، سەرهەڵدانی بزووتنەوەی خوێندکاری، دەزانین کە ئەمڕۆ لە سەرتاسەری زانکۆکانی ئێران، خوێندکارانی کورد بەشی سیاسی وتێکۆشەرو ڕێکخراوی زانکۆکان پێک دێنن، ڕۆژنامەوانی وچاپەمەنی لەکوردستان گەشەیەکی زۆری بەخۆوە بینیوە. بزووتنەوەی ڕووناکبیری لەکوردستانی ئێران لە هەموو بوارەکانی شیعر، چیرۆک، گۆڤارو ڕۆژنامەو ئەنجومەنە ئەدەبیەکان وسینەما ویەیکەر تاشی ومۆسیقاو شانۆ، بەراستی کۆمەڵگای کوردستانی لە زۆر ڕووەوە کردۆتە کۆمەڵگایەکی نموونە. لە بواری هونەری سینەما، سینەمای کوردستان سنوورەکانی کوردستان وئێران وڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەزاندووە و لە زۆریەی مێهرەجانە سینەماییەکانی جیهان هونەرمەندانی کورد دەسکەوتی گرنگیان بەدەست هێناوەو درەوشاونەتەوە. مۆسیقای کوردستان وگەلێک ئاڵ و گۆڕی دیکە لە بواری فەرهەنگییەوە، کوردستانی لە ڕابردووی خۆی بەشێوەیەکی بەرچاو جیا کردۆتەوە و بەردەوامیش پەل بۆ پەرەسەندنی زیاتر دەهاوێت.

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازی خۆی دژی کۆماری ئیسلامی سێهەمین دەیەی خۆی تێپەڕدەکات. ئەگەر دەیەی یەکەمی کۆماری ئیسلامی بۆخەڵکی کوردستان، دەیەی سەرکوت و لەشکر کێشی نیزامی و ئێعدامی بەکۆمەڵ و بومباران و قەتڵی عامی قارنێ و قەلاتان و لە هەمان کاتدا دەیەی خۆڕاگری خەڵکی کوردستان ، دەیەی شەڕی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگە، دەیەی خۆڕاگری زیندانیانی سیاسی و بزووتنەوەی جەماوەری کوردستان بوو، ئەگەر دەیەی دووهەمی دەسەڵاتی ڕژیم بۆ کوردستان دەیەی پاشەکشەی هێزی پێشمەرگەو دەیەی کردنی کوردستان بە پادگانێکی گەورەی نیزامی، دەیەی سکووت و قاقڕی و دامرکانی بزووتنەوەی جەماوەری بوو، لەدەیەی سێهەمی دەسەڵاتی، ڕژیم لەگەڵ بزووتنەوەیەکی بەهێز و گەورەتری ڕزگاریخوازی خەڵک ڕووبەڕووە. دەیەی سێهەم کە هەر ئێستا تێیدا بەسەردەبەین، دەیەی سەرهەڵدانی خەباتێکی نوێ، بەکەڵک وەرگرتن لە سەرجەم ئاڵ وگۆڕەکانی کوردستان کە پێشتر ئاماژەم پێدا. ترس لە دام ودەزگا وهێزەکانی ڕژیم جێگەی خۆیداوە بە ڕاوەستاویی وجم وجۆڵی ڕاشکاوانە، حیزبە سیاسیەکانی بووژاونەتەوە و حوزوور وکاریگەریان لە سەر ڕەوتی سیاسی وخەباتکارانە هەیە. تەحریمی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس وسەرۆک کۆماری پشتیوانیی بەرینی جەماوەری لە ئەزموونی خەڵکی کوردستانی عێراق وسەرەنجام ڕاپەڕین و بزووتنەوەی هاوینی ٨٤، خۆڕاگری ٢٦ساڵەی خەڵکی کوردستان لە بەرابەر یەکێک لە هارترین و جینایەتکارترین ڕژیمەکانی سەردەم، گەلی کوردی کردۆتە پێشەنگ وپشتیوانی بەهێزی هەر چەشنە ئاڵ وگۆڕێکی دیموکراتیک لە ئاستی ئێران بەتایبەتی و لەناوچەکە بەگشتی.

• کۆمەڵە وەک هەمیشە دژی کۆنە پەرەستی وئیرتیجاع، لە دژی پیاو سالاری و لە دژی هەرچەشنە جیاوازییەکی مەزهەبی، نەتەوەیی، جینسی خەبات دەکات. ئێمە شانازی بەوەوە دەکەین کە ئەم هەڵوێست و بنەما فیکرییانەی کە ئێستا بوونەتە قسەی سەر زاران، سەردەمێک لە کوردستان کە کۆمەڵە هەڵگری بوو نامۆو و بێگانە دەژمێردرا، بەڵام ئێستا تەنانەت سەرسەخترین ڕەقیبانی کۆمەڵە ناچارن دووپاتی بکەنەوە

ئێستاکە ئێمە و هەموو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە لەکوردستان و دەرەوەی وڵات خەریکی ڕێز گرتن و هەڵسەنگاندنی ئەزموونی کۆمەڵەو بزووتنەوەیەکین لەکوردستان، جێی خۆیەتی لەسەر چەند سیاسەتی سەرەکیی ومیحوەری کۆمەڵە لە سە ڕەدەمی ئێستادا تەئکید بکەینەوە.

کۆمەڵە وەک ڕەوتی سۆسیالیستی وچەپ لەکوردستان بە درێژایی ٣٥ ساڵی ڕابردوو لە بەرەی خەڵکی فەقیر وهەژار هەڵوێستی گرتووە. وەک هەمیشە داکۆکی لە مافی ڕەوای کرێکاران و زەحمتکێشان دەکات. ئێمە وەک هەمیشە تێکۆشەران ورێبوارانی ئەم ڕێگەین.

کۆمەڵەوەک هێزێکی شۆڕشگێڕ، خاوەن هەڵوێست، پێش کەوتنخواز لە بواری سیاسییدا، تێدەکۆشێ کە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد کوردستانی ئێران ڕابەری بکات.

ئێمە بە پێداویستییەکانی سەردەم بۆ مەسەلەی ڕەوای گەلی کورد بەباش شارەزاین و ئاڵ وگۆڕەکانی ناو کۆمەڵە لە شەش ساڵ لەوە پێشەوە ئەم ڕاستییەی سەلماندووە کە کۆمەڵە هێزێکی حاشا هەڵنەگرە لە گۆڕەپانی سیاسی و براڤی ڕزگاریخوازی دا. جێگای کۆمەڵە لە کاتێکدا کە کۆمەڵگای ئێران بەرەو ئاڵ وگۆڕ دەچێ و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەناخی خۆیدا هەست بە گۆڕان دەکات، زیاتر لە هەمیشە گرنگی وبایەخی خۆی پەیدا کردووە.

گەلی کورد لە هەر کام لە پارچەکانی خۆی گەلێکی ژێر دەست، گەلێک کە لە جەرگەی کوشتارو لەشکر کێشی نیزامی هاواری کردووە، بەرەو ئەوە دەچێ کە لە ئاڵ وگۆڕەکانی هەرکام لە وڵاتانی نیشتەجێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قسەی یەکەمی هەرچەشنە ئاڵ وگۆڕێکی دێمۆکراتیک وشارەستانی بکات.

بۆیە ئیمە وەک کۆمەڵە بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین کە بۆ مەسەلەی کورد و جێگە وشوێنی ببین بە هێزی کۆکردنەوەی هەموو پارتە سیاسیەکان. هاوکاری و یەکگرتووی پارت وهێزەکانی کورد لە هەموو پارچەکانی پێویستییەکی مێژوویی و سیاسی ئەم سەردەمەیە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵە بەردەوام درێژە بەهەوڵەکانی خۆی بۆ پێک هێنانی بەرەیەکی کوردستانی ئەدات. بەرەیەکی کوردستانی بە بڕوای ئێمە خەباتی ڕزگاریخوازی لە کوردستانی ئێران دەباتە قۆناغێکی نوێ و وڵامی گونجاوی داخوازی یەکگرتوویی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە. هەروەها بە بێ هیچ شک وگومانێک لە داهاتووی دوای کۆماری ئیسلامی دەورو نەقشێکی بەرچاویی ئەبێت.

بو داهاتووی براڤی ڕزگاریخوازی لە کوردستان، کۆمەڵە هێزی پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕ وچەپ دەتوانێت و دەبێت بەکەڵک وەرگرتن لە ئاڵ وگۆڕەکان، لە هەل ومەرجی سیاسی کوردستانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەپەیوەندیە جیهانییەکانی بە باشی کەڵک وەربگرێت.

کۆمەڵە وەک هەمیشە تێدەکۆشێ خەباتی سیاسیی وجەماوەریی لەکوردستان پەرە پێ بدات. بەبەشداری خەڵک کۆمەڵە گەشە دەکات، بەگەشەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە کۆمەڵە سەردەکەوێ، بە پتەو کردنی بنەماکانی دێمۆکراسی و مافی ژنان وچەوساوەکان، کۆمەڵە دەتوانێت کۆمەڵگایەکی ئەمڕۆیی، مۆدێرن و پڕ لەخۆشەویستی وپێکەوە ژیانی عادلانە دابین بکات.

کۆمەڵە وەک هەمیشە دژی کۆنە پەرەستی وئیرتیجاع، لە دژی پیاو سالاری و لە دژی هەرچەشنە جیاوازییەکی مەزهەبی، نەتەوەیی، جینسی خەبات دەکات. ئێمە شانازی بەوەوە دەکەین کە ئەم هەڵوێست و بنەما فیکرییانەی کە ئێستا بوونەتە قسەی سەر زاران، سەردەمێک لە کوردستان کە کۆمەڵە هەڵگری بوو نامۆو و بێگانە دەژمێردرا، بەڵام ئێستا تەنانەت سەرسەخترین ڕەقیبانی کۆمەڵە ناچارن دووپاتی بکەنەوە.

بزووتنەوی ڕزگاریخوازی کوردستان بزووتنەوەیەکی ڕەواو مافخوازی خەڵکی کوردستانە، لە دژی ئەم بزووتنەوەیە بەدەیان ساڵە داگیرکەران ودوژمنان بەلەشکێر کێشی نیزامی وبۆمباران و قەتڵی عام وڵامیان داوەتەوە، هەر بۆیە لەکوردستان لەبەرابەر ئەم جینایەت ولەشکێرکێشیە خۆڕاگری چەکداری و هێزی پێشمەرگە توانیویانە بەرگری لە خاک ولەبزووتنەوەو لە داخوازییەکانیان بکەن، ئێمە خەباتی چەکداری، خەباتی هێزی پێشمەرگە بە مافی ڕەوای خەڵکی کوردستان دەزانین ولەداهاتووی ئەم بزووتنەوەیەو چالاکییەکانی کۆمەڵە، هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە وەک هەمیشە وەک باسکی چەکداری بزووتنەوەیەکی ڕەوا، بە هێزتر دەکەین

کۆمەڵە دەتوانێ و دەبێ ببێتە حیزبی چالاکی خەڵکی کوردستان، بەڵام مەرجی گەیشتن بە وەها مەوقعییەتێک پێویستی بە گەلێک ئاڵ وگۆڕی گەورە و بنەڕەتی لە کۆمەڵە دا هەیە. لەکار لە شارەکانی کوردستان، لە پێوەندی لەگەڵ حیزبەکان، کار لە سەر کێشەی کورد بەگشتی، پێوەندە دیپلۆماسی وجیهانییەکان، هەروەها گەلێک ئاڵ وگۆڕ لە ساختاری حیزبی و ڕابەری کۆمەڵە دا پێویستە.

حیزبایەتی لە کوردستان دەبێ ببوژێتەوە. دوره پەڕێزی لە حیزب، جیاوازی نێوان ڕووناکبیران و حیزبە سیاسیەکان دەبێ کۆتایی بێت و کۆمەڵە لەم ڕەوتەدا هەنگاوی جیددی هەڵگرتووە و هەڵیدەگرێت.

کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان ئێستا پڕە لە ڕێکخراوەگەلی جۆراوجۆر وەک" ئێن جی ئۆکان" ئەنجومەنەکانی دیفاع لە زیندانیانی سیاسی و ژینگە، کۆمەڵە سەرلە نوێ وبەتایبەتی لەهەل ومەرجی نوێ دا دەبێت پێوەندی خۆی لەگەڵیاندا تەعریف بکات تابەهاوپڕۆژەیی وهاوکاری نزیک بتوانین خزمەت بە پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردستان بکەین.

لە کۆتاییدا جێی خۆیەتی ئاماژە بە قەیرانی ئەتۆمی لە ئێران بکەین. دەزانین کە بە هۆی سەرەڕۆیی و ملهوڕی کۆماری ئیسلامی لە بەرابەر کۆمەڵگای جیهانیدا، قەیرانێکی گەورەی ئەتۆمی هاتۆتە ئاراوە. کۆماری ئیسلامی مانەوەی خۆی لە دەست پێڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی دا بینیوەتەوە. هەر بۆیە گشت سەروەت وسامانی خۆی لە سەر ئەوە داناوەو هەروەها ئەم ڕژیمە پێیوایە ئەگەر بەسەر ئەم قەیرانەدا زاڵ بێت دەتوانێت کۆتایی بە قەیرانەکانی ناو خۆی بهێنێت.

ئێمە ئەگەرچی مافی سەرجەم گەلانی جیهان بۆدەست پێڕاگەیشتن بە هەر چەشنە تێکنۆلۆژییەک کە بتوانێت ژیان و گوزەران و ئاسایشی خەڵک زیاتر بکات بەرەسمیەت دەناسین بەڵام لەهەمان حاڵدا پێمان وایە کە کۆماری ئیسلامی بە تێکنۆلۆژی ئەتۆمی لەواقیع دا پاراستنی یەکێک لە کۆنەپەرەسترین و جینایەتکارترین ڕژیمەکانی مەبەستە، هەر بۆیە ئەم ڕژیمە دەبێ لە تێکنۆلۆژییەکی لەوچەشنە بێ بەش بێت و ڕێگەی بەدەست هێنانی پێنەدرێت.

هەڵوێستی کۆمەڵە لەم بارەوە ڕوونە. کۆمەڵە کانوونی خەبات لە ئێران بە خەباتی کرێکاران وگەلانی ئێران، ژنان، خوێندکاران و ڕووناکبیران دەزانێ، ئەم ڕژیمە دەبێ بڕوات. هیچ چەشنە فریوکاری و هیچ چەشنە دروشمێکی بەناو دژی ئیمپریالیستی وەک ساڵانی ٥٨ ناتوانێت جارێکی دیکە گەلانی ئێران بکاتە قوربانی ڕژیمێکی کۆنەپەرەست. خەباتێکی دژی ئیمپریالیستی کە یارمەتی بکات بەمانەوەی ڕژیمێک وەک کۆماری ئیسلامی تەنیا وتەنیا فریوکاریەو مێژوو وەک ساڵی٥٨ قەزاوەت لە سەر هەر هێزێک دەکات.

ئەم قەیرانە دەبێ بە ڕووخاندنی ڕژیمی ئیسلامی کۆتایی پێ بێت وکۆمەڵە لەم پێناوە دا تێدەکۆشێ و حازر بە هاوکارییە.

لە کۆتایی دا دەبێت لە هەموو تێکۆشەران و هاوڕێیانی کۆمەڵە لە سەرتاسەری شارو گوندەکانی کوردستان کە لە ڕۆژەکانی ڕابردوودا و بۆ پێشوازی لە ڕۆژی کۆمەڵە و لەم سەرماو سەخڵەتەدا بەشێوەیەکی بەرین کاری ڕاگەیاندنیان بەڕێوە بردووە دەست خۆشی وماندوونەبوونیان لێبکەین. هەر بژین بۆ کۆمەڵە.

پیرۆز بێت یادی کاک حەمە حسێنی کەریمی و هەموو هاوڕێیانی گیانبەخت کردوو

سەرکەوێ خەباتی ڕزگاری خوازی گەلی کورد
بژی سۆسیالیزم بژی کۆمەڵە

کاریکاتێرەکەی دانیمارک و کتێبەکەی مەریوان هەڵەبجەیی و قسەیەکی کورت

شاهۆ کامیارانی

بڵاوبوونەوەی کاریکاتێرەکانی محەمەد پێغەمبەری موسڵمانان لە ڕۆژنامەکانی وڵاتی دانیمارک و کتێبەکەی مەریوان هەڵەبجەیی بە ناوی "سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا" لە هەفتەکانی ڕابردوودا شەپۆلێک ئیعترازو ناڕەزایەتی بەشێکی زۆر لە موسڵمانانی بە دواوە بوو. موسڵمانان لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە بڵاوبوونەوەی ئەم کاریکاتێرانە و لە کوردستانیش بۆ بڵاوبوونەوەی کتێبی "سێکس و شەرع و ژن لە ئیسلامدا" لە نووسینی مەریوان هەڵبەجەیی ڕژانە سەر شەقامەکان و بە شێوەیەکی نادێمۆکراتیکانە ناڕەزایەتی خۆیان دەربڕی و وێنەیەکی ناڵۆژیکیانەیان لە خۆیان نیشان دا. لە هەندێ شوێن چوونە سەر باڵوێزخانەی وڵاتی دانیمارک و بە شکاندنی شووشەی دەرگاو پەنجەرەو و شکاندنی کەرەسە و کەل و پەلی ئەو باڵوێزخانەیە سەلماندیان کە هێشتا زمانی توند و تیژی ئەو زمانەیە کە بەشێکی زۆر لە مرۆڤەکان لە دنیای ئێمەدا کاری پێدەکەن.

بێ گومان بێ حورمەتی کردن بە هەر بیروباوەڕ و ئایینێک لە لایەن هەرکەس و لایەن و دەزگایەکی ڕاگەیاندنەوە بێت، کارێکی ناڕەوایە و بەدەرە لە عورف و یاسا ناسراوەکانی ڕاگەیاندن. ئەگەر لەم دووحاڵەتەدا هەر بەو شێوە کە ئەو جۆرە هەڵسووکەوتە کارێکی نایاسایییە، هەر بەو جۆرەش ناڕەزایەتی و ڕوویەڕوو بوونەوەی ئەو کەسانە لە هەفتەکانی ڕابردوودا کارێکی بەدەر لە چەمکی پلۆرالیزم و ئازادی ڕادەربڕینە. موسڵمانان لە زۆر شوێن شێوازێک لە ناڕەزایەتیان لە خۆیان نیشان دا کە لەگەڵ هیچ یەک لە پێوانەکانی ململانێی بیروڕا و ڕاگەیاندن نایەتەوە و نیشانیاندا کە زمانی دیالۆگ و قسەکردنی ئەوان لەگەڵ نەیارانیان هێشتا جێگایەکی نییە و زمان هەر زمانی توند و تیژییە و فتوای مەرگ و کوشتن و تێدابردنە.

لەم سەردەمەدا کە بە سەردەمی تەقینەوەی زانیارییەکان ناسراوە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن مرۆڤەکانیان لە چوار گۆشەی جیهاندا پێکەوە گرێ داوە و ئەوان دەتوانن لە ئان و ساتێکدا بیروڕای خۆیان لەم سەری دنیاوە بگوازنەوە بۆ ئەو سەری دنیا و دەزانین کە لایەنە ئیسلامییەکانیش بە هۆی لە بەردەستدا بوونی سەرچاوەی ماددی زۆرەوە لە بواری بە کار هێنانی تکنۆلۆژیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ئینتێرنێتدا زۆر شارەزان و دەرکەوتووە کە ئەگەر لە هەمووان زیاتر ئینتێرنێت و تێکنۆلۆژی سەردەم بە کار نەهێنن کەمتر بە کاری ناهێنن، ئەی بۆچی لەو شوێنە کە پێویستە بۆ پاراستنی ژیان و گیانی هاوڵاتیان بە کاری بێنن وەلای دەنێن ؟ ئایا بە کار هێنانی ئینتێرنێت و ڕاگەیاندن لای ئەوان هەرتەنها بۆ مەبەستە دڵخوازەکانی خۆیانە؟ ئەی ئەگەر وانییە، بۆ دەبێ شاهیدی دیمەنێکی ئاوا پڕ لە توند و تیژی بین؟ ئەویش لە حاڵێکدا کە بەشێکی زۆر لە موسڵمانان لەو شوێنانە دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە و هەموو جۆرە دەزگایەکی ڕاگەیاندنیان بە دەستەوەیە. هۆکەی ئەوەی کە بەشێک لە ڕژیمە کۆنەپەرەستەکان ئەم هەلەیان قۆستەوە و بە هاندانی لایەنی هەرە دەمارگرژی وڵاتەکەی خۆیان ویستیان ئەمە بکەنە بیانوویەک بۆ ئامانجە سیاسییەکانی خۆیان. یەکێک لەم دەوڵەتانە، ئێرانە. ئێران کە بە هەموو شێوەیەک لە لایەن بیروڕای جیهانی و ناوەوەی ئێرانەوە کەوتۆتە ژێر گوشارەوە و کردەوەکانی چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوە لەگەڵ هیچ یەک لە پێوانەکانی جیهانی نایەتەوە، دەیهەویست ڕای گشتی وڵات لەم ساتەوەختە قەیراناوییەدا بەرەو دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بکێشێت. هەروەها دەیهەویست بە هەڵخڕاندنی هەستی مەزهەبی موسڵمانان پشتیوانی ئەوان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و لە کێشە و ململانێکانی لەگەڵ ڕۆژئاواداو لە بەرژەوندی خۆی کەڵکیان لێوەرگرێت.

لێرەشەوە با ڕوویکەینە ئەو خۆپیشاندەرانەو پرسیارێکیان لێ بکەین. ئایا بە ڕاستی مەبەست لەم ناڕەزایەتییە، ئیعترازە بە بێ حورمەتی کردن بە پیرۆزییەکانی موسڵمانان؟ ئایا ئەوان کە ئەو مافە بۆ خۆیانی بە ڕەسمی دەناسن، بۆ لایەنەکانی دیکەشی بە ڕەسمی دەناسن؟ ڕۆژ نییە لە شوێنێکی ئەم جیهانە ئازادیخوازێک یان ڕۆژنامەوانێک یان کەس یان لایەنێک لە لایەن ئیسلامییەکانەوە نەکەوێتە بەر هێرش و توند تیژی. بەشێک لە مەلاکان مزگەوتەکانیان کردۆتە مینبەرێک کە ڕۆژانە تۆوی مەرگ دەچێنن و هەڕەشە لەمو لەو دەکەن و تەنانەت لە کارەساتە جینایەتەکارانەکەی شێخ زاناودارودەستەکەی لە هەولێر دەرکەوت کە بەشێک لەو ئینسان کوژانە لە مزگەوتەکاندا کاریان لە سەر کراوە و بار هاتوون و بینیشمان کە چ جینایەتەیەکیان خولقاند! لە وڵاتی ئەفغانستان و لە سەردەمی دەسەڵاتی ڕەشی تالیباندا بینیمان کە چۆن هەر چەشنە ئازادییەک سەرکوت کرا و ئایین و باوەڕەکانی دیکە بە هیچ شێوەیەک مافی چالاکییان نەبوو و بە هەموو شێوەیەک کپ وبێدەنگ دەکران وتەنانەت زۆریەی کەسانی بیرجیاواز لە لایەن هێزە ئایینیەکانەوە بێ سەرو شوێن کران . ڕۆژ نییە لە عێراق کۆمەڵێک لە خەڵکی مەدەنی و بێ تاوان لە ژێرناوی بەرگری لە ئیسلام لە لایەن هێزە سەلەفی وجیهادییەکانەوە نەبنە قوربانی ئامانجی کردەوەی خۆکوژی. ئەی بۆچی لە هیچ کوێی دنیا نەمانبینی کە موسڵمانان بڕژێنە سەرشەقامەکان و ئەو جۆرە کردەوانە مەحکووم بکەن و بانگی ئازادی و فرەچەشنی و یەکتر قبوڵکردن بدەن؟

بێ گومان بێ حورمەتی کردن بە هەر بیروباوەڕ و ئایینێک لە لایەن هەرکەس و لایەن و دەزگایەکی ڕاگەیاندنەوە بێت، کارێکی ناڕەوایە و بەدەرە لە عورف و یاسا ناسراوەکانی ڕاگەیاندن. هەر بەو شێوە کە ئەو جۆرە هەڵسووکەوتە کارێکی نایاسابیە، هەر بەو جۆرەش ناڕەزایەتی و ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو کەسانە لە هەفتەکانی ڕابردوودا کارێکی بەدەر لە چەمکی پلۆرالیزم و ئازادی ڕادەربڕینە